
# لیۆن ترۆتسکی

مەهدی کامیل ( نیا )

Nya-78@hotmail.com





لیۆن ترۆتسکی

Lion Trotsky

لەبەشی ( فریسن ) لە ( ئۆکرانیا ) لە (7 October 1879 )لەدایك بووە، لەخێزانێکی جوتیاری یەهوودی . نۆساڵی یەکەمی تەمەنی لە کێڵگەکەی خێزانەکەیدا بەسەربرد. پاشان لە ( ئۆدیسا ) و( نیکۆلاییف ) لەنێوان ساڵانی 1888 بۆ 1897 دا چۆتە قوتا بخانەی ناوەندی . ترۆتسکی بەرلەوەی لەقوتا بخانەی ( نیکۆلاییف ) دەربچێت ، لەبازنەی ڕێکخستنە نهێنیەکانی شۆڕشگێڕەکانی نارودنین پەیوەندی کردبوو . پاش ساڵێك بوبە مارکسی و پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆشیال دیموکراتەکان کەیەکێك بوو لەدامەزرێنەر و ڕابەرەکانی ( یەکێتی کرێکارانی باشوری ڕوسیا ) .

لەساڵی ١٨٩٨ دا گیرا لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکێتیەکە بەتۆمەتی بەشداری لە ڕابەرایەتی کردنی ژمارەیەك خۆپیشاندان ومانگرتن ی کرێکاران وچا پکردنی کتێبی یاساغ لە( تیکلاییڤ ) بۆماوەی دووساڵ زیندانیکرا ، پاشان دوور خرایەوە بۆ سیبریا بۆ ماوەی چوار ساڵ بەبێ دادگای کردن . لەمەنفا خێزانی دروستکرد لەگەڵ ( ئەلکساندەرا سۆکۆلۆفسکایا ) ، وە دوومنداڵیان بوو ( نینا ، زینا ) لەسیبریا .لەتاراەگە دوبارە پەیوەندی کرد بە یەکێتی سۆشیالستی دیموکرات لە سیبریا . بەناوی ( ئەنتید –ئۆتو ) ی خوازراوەوە بەناوبانگ بوو .وەك هەڵسەنگێنەری سیاسی و لێکدەرەوەی کۆمەلایەتی و ڕەخنەگری ئەدەبی ، لەساڵی ١٩٠٢ لە تاراوگە هەڵهات . لینین داوای لێکرد بچێت بۆ لەندەن ، پەیوەندی بکات بەژمارەیەك لەمارکسیەکانەوە کە ڕۆژنامەی ( ئیسکرا ) ( الشرارە ) یان دەر دەکرد ، ەلگەڵ لینین ، پیلیخانۆف ، ئەکسلرود ، زاسویچ ، مارتوف ، پترۆزۆڤ ، بەژداربوو لەکۆنگرەی دووەمی ( یەکێتی کرێکارانی سۆشیالستی دیموکراتی ڕوسی ) کە لەبرۆکسل و لەندەن بەسترا ساڵی ١٩٠٣ ، کە دوو کەرت بونی مێژووی نێوان بەلشەفیو مەنشەفیکەکانی تیا تاوتوێ کرا . ترۆتسکی پەیوەندی کرد بە مەنشەفیکەکانەوە بۆ ماوەیەك ، وەپاشان جیابووەوە . وە هەڵوێستێکی بێلایەنانەی هەڵبژارد لە هەردوولا . لەساڵی ١٩٠٤ لە پاریس ( ناتالیا سیدوڤا ) ی ناسی کەبوە ژنی دووەمی ، لەشوباتی ١٩٠٥ گەڕایەوە بۆ ڕوسیا پاش هەلایسانی شۆڕشی یەکەمی ڕوسیا ، ڕابەری بزوتنەوەی

## مەهدی کامیل ( نیا )                    لیۆن ترۆتسکی

سۆشیالستیبوو وەبوە ووتەبێژ و ڕابەری ( کۆڕی نوێنەرانی کرێکاران ) لە ( بترسبرغ ) پاش شکستی شۆڕش ، ترۆتسکی گیرا لەساڵی ١٩٠٧ دادگا بڕیاریدا بەدوور خستنەوەی بۆ سیبریا ، سەرجەم مافە مەدەنیەکانی لێسەندرایەوە .

ترۆتسکی هەڵهات بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا ، لەوماوەیەی لە زینداندابوو ، تیورەی ( شۆڕشی بەردەوام )ی داڕشت ، لەوتارێکیدا بە ناونیشانی ( ئە نجام و پێشهاتەکان )

لەنێوان ساڵانی ١٩٠٧ بۆ ١٩١٤ لەگەڵ ناتالیا سیدوڤا و دوو کوڕەکیان ( لیون وسیرجی ) لەڤیەننا بەسەریان برد ، وە گۆڤاری ( براڤدا ) ( ڕاستی )ی دەرکرد. هەموو چالاکە خۆی بۆ هەڵسڕانی ڕۆژنامەوانی و سیاسی تەرخان کردبوو ، پاش هەڵگرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم ، بەرەو سویسرا وە پاشان لەوێوە بۆ فەڕەنسا ، کاری کرد وەك پەیامنێری ڕۆژنامەیەکی گەورەی ڕۆژانە کەلیبراڵیەکان لە ڕوسیا دەریان دەکرد . ڕۆژنامەی ( ناشیە سلۆڤۆ )ی دەردەکرد کەیەکێك بو لە سۆشیالستە شۆڕس گێڕەکانی کە ڕوبەڕوی نارەزای جەنگ وەستا ، یەکێك لەداواکاران بو بەستنی کۆنگرەی ( زیمروالد )لە ساڵی ١٩١٥ . وەنوسەری ئەو بەیانە بەناوبانگە بو کە کۆنگرە دەری کرد .کەداوای دژایەتی جەنگی دەکرد وەداوای دامەزراندنی ( ئەنتەر ناسیۆنالی سێهەم )ی دەکرد ، پاش ساڵانێکی زۆر جیاوازی بۆچونەکانی لەگەڵ لینین لێك نزیك بووەوە ، لەفەڕەنسا دەرکرا ، بەرەو وولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕۆیشت ساڵی ١٩١٧ پاشان گەڕایەوە بۆ ڕوسیا پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی فبرایەر ، ترۆتسکی پەیوەندی کرد بە حیزبی بەلشەفیەوە ساڵی ١٩١٧ لە پاڵ لینیندا .



لینین و ترۆتسکی کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

بەو هێرشە گەورە و سەرکەوتوەی کردیە سەر نیزامی بەڕێوبردنی فیرایر . لەلایەن حکومەتی ( کرنسکی ) لەسالی ٩١٧ زیندانی کرد ،


پاشان کرێکارانی پەترۆگراد هەڵیان بژارد وەك سەرۆکی شارەکەیان ، لەماوەی پۆستەکەیدا نوێنەرانی شۆڕش وەك پاڵێوراوی یەکەمی گەل بۆ کاروباری دەرەوە ، و سەرۆکی شاندی وولاتەکەی بوو بۆ وتووێژەکانی ( پریست لیتۆفسك ) کەمەرجەکانی ئەڵمانیای ڕەت کردەوە وەداوای لێکرد کۆتای بەسیاسەتی نەشەڕ نەئاشتی بهێنێت ، پاشان ئیستیقالەی لە کارو باری دەرەوە کرد . دانرا وەك ڕاوێژکاری جەنگ لەنێوان ساڵانی ١٩١٧ تا ١٩٢٣ وە سوپای سوری دامەزراند ( ڕابەرایەتیەکی سەرکەوتوانەی کرد لەماوەی شەڕی ناوخیدا ) ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو ، لەدەستەی ناوەندیدا( اللجنە المرکزیە ) بوو بەدرێژای ئەو ماوەیە .

# لیۆن ترۆتسکی

مەهدی کامیل ( نیا )



لەوماوەیەدا کتێبێکی نوسی بەناوی ( لە شۆڕشی فبرایرەوە بۆ دانوستانەکانی پریست لیتوفسك ) ، ( سۆشیالیزم و تیرۆر )کتێبێکی تری ، کتێبێکی تر کەسەر جەم بابەتەکانی هەر پێنج کۆنگرەکەی یەکەمی سۆشیالیستی نێونەتەوەی تێدا بوو ، گرنگترین لێدوان و بڕیارە سیاسیەکانیشی تێدابوو . لەساڵی ١٩٢٣ ترۆتسکی هەستا بە ڕابەرایەتی کردنی یەکەم بزوتنەوەی نارەزایەتی دژی ستالین و زینۆفییفو کامنییف و بوخارین ، وەوچەندینی تر ، لە ڕاوێژکاری جەنگ ئیستیقالەی کرد ساڵی ١٩٢٥ . لەم ماوەیەدا ( شۆڕش و ئەدەب ) ( سەردەمێی نوێ ) ( بەریتانیا بەرەو کوێ دەڕوات ) ( ئەوروپا و ئەمریکا ) ( کێشەکانی ژیانی ڕۆژانە ) لەگەڵ ژەند دانراوێکی تری نوسی . ساڵی ١٩٢٦ ترۆتسکی لەدژی ستالین لەگەڵ زنۆفییف و کامنییڤ ڕێکەوت ، ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوی بنیات نا . پاش ململانەیەکی توند دەربارەی سەرجەم کێشە بنەڕەتیەکانی پەیوەنبە سیاسەت وسۆشیالیزمەوە . ترۆتسکی لە حیزب دەرکرا لە کۆتای ساڵی ١٩٢٧ دا ، وە دورخرایەوە لە مۆسکۆ وە بۆ ( ئەلما-ئاتا ) لەسەر سنوری نێوان ڕوسیا چین . ترۆتسکی بەردەوام بوو لەڕێنوێنی کردنی نارەزایەتی لە تیورەکەی ستالین دەربارەی ( سۆشیالیزم لەیەك وولاتدا ) وە ئەو ڕێبازەی چارەسەری کارو باری سۆشیالیزمی پێدەکرد ، بەتاییەتی سیاسەتی دەربارەی شۆڕشی



چین لە ساڵی ١٩٢٥-١٩٢٧ . لە ( ئەکما-ئاتا ) ترۆتسکی ( ڕەخنە لە پرۆژەی بەرنامەی کۆمنترن ) ، ( شۆڕشی بەردەوام ) ی نوسی . ترۆتسکی دورخرایەوە بۆ تورکیا لە دورگەی ( برینبیکۆ ) نیشتەجێ بوو تاهاوینی ١٩٣٣ ، لەژمارەیەك وولاتدا ڕێکخستنی لایەنگرەکانی دانا ، بڵاوکراوەی ئۆپۆزسیۆن ) و ( مێژووی شۆڕش لەڕوسیا ) ، ( ژیانم ) ی نوسی . : ساڵی ١٩٢٩ دەستی کرد بە هەڵمەتێکی تاییەتی بۆ تەیار کردنی بزوتنەوەی سۆشیالیستەکان دژی گەشەی ترسناکی نازیەکان ، هەرچەندە وریا کردنەوەکانی بایەخی تەواوی پێنەدرا . ڕەگەزنامەی سۆڤیەتی لێسەندرایەوە ساڵی ١٩٣٢ ، شوێن کەوتوە نزیکەکانی بون بەقوربانی هەڵمەتی توندی تیرۆر ، بەڕابەری ستالین . یەکێك لەکچەکانی ( نینا ) ساڵی ١٩٢٨ مرد ، ئەویتریان ( زینا ) ساڵی ١٩٣٣ خۆی کوشت لفەبەرلین پاش نەخۆشیەکی درێژخایەن ، پاش ئەوەی ڕەگەزنامەی سۆڤیەتی لێسەندرایەوە ، نەیان هێڵا خێزانەکەی ببینێت

## مەهدی کامیل ( نیا ) لیۆن ترۆتسکی

لەڕوسیا .. ڕێگە بە ترۆتسکی درا بچێتە فەڕەنسا پاش ئەوەی سەرجەم وولاتانی ئەورووپا ڕەتیان کردەوە کە پەنای بدەن ، لەوێ داوای دامەزراندنی ( ئەنتەر ناسیۆنالی چوارەم )ی کرد ، ترۆتسکی لە فەڕەنسا دەرکرا ساڵی ١٩٣٥ بۆ ماوەیەکی کورت پەنای بۆ نەرویژ برد کە ( شۆڕشی بەخشراو )ی نوسی ، پاش دادگای کردنی زینوفییڤ و کامنییف و پێشەوایانی بەلشەفی کۆن لەسێدارە دران لەساڵی ١٩٣٦ . پاشان حکومەتی نەرویژ ملی دا لە ژێر فشاری ستالیندا ترۆتسکی زیندانی کرد بەمەبەستی ئاشکرا نەکردنی مەهزەلەی ( لەناوبردنی گەورەو بەرفراوان ) ، لەوکاتەدا هەڵمەتی ستالین کوێرانە بۆ سەر ترۆتسکیەکان گەیشتە لوتکەی خۆی . ترۆتسکی تۆمەتبار کرا لە ( دادگاییەکانی مۆسکۆدا ) بە ئامادەکردنی گەلەکۆ مەکێ بۆ تیرۆرکردنی ستالین و فوروشیلوڤ وکاغانوفیش و چەندانی تر ، بەهاوپە یمانی نهێنی لە گەڵ هیتلەر و ئیمپڕاتۆری یابان ..

ڕێگە بەترۆتسکی درا بچێتە مەکسیك ، لەبەردەم ( دادگایەکی دژدا ) ئامادەبوو کە فەیلەسوفی ئەمریکی ( جۆن دیووی ) سەرۆکایەتی دەکرد ، ترۆتسکی بە پێیەی شاهیدی سەرەکی بو لەم دادگاییەدا ، بەرگری کرد لەبەرامبەر سەرجەم ئەو تۆمەتانەی ڕوبەڕوی کرابونەوە . دادگا بە بێتاوانی ترۆتسکی لەسەرجەم ئەو تۆمەتانەی ڕوبەڕویکرابونەوە .. لەساڵی پاشتردا ( ئەنتەر ناسیۆنالیزمە چوارەم )ی ڕاگەیاند ، بەرنامەیەکی بۆ قۆناغی گواستنەوە نوسی بۆ ئەنتەرناسیۆنالی چوارەم ، پێشبینی ڕودانی جەنگی جیهانی دووەمی کردبوو ،وەدەرئە نجامە پێشبینی کراوەکانی لەژمارویەکی زۆر لێکۆلینەوە و ووتاردا پیشاندا . کوڕە بچوکەکەی ( سێرجی ) بو بەقوربانی هەڵمەتی لەناوبردنی تیرۆر ی بەرفراوان کە لەیەکێتی سۆڤیەت ژمارەیەکی زۆر شوێن کەوتوان و لایەنگرانی ترۆتسکی تیا کوشتو بڕکرا ، وە کوڕە گەورەکەی ( لیۆن ) لە فەبرایەری ١٩٣٨ لە پاریس کوژرا ، کاتی کوشتنەکەی وانیشاندەدات کە پیاوانی ( ڕێکخراوی پۆلیسی نهێنی ) سۆڤیەتی کوشتبێتیان ، جگەلەوەی ژمارەیەك لە شوێن کەوتوانی ترۆتسکی گیران لە ئیسپانیا ، فەڕەنسا ، سویسرا ، لەسەر دەستی سیخوڕەکانی ئەم ڕێکخراوە .



لە ئایاری ١٩٤٠ پیاوانی ستالین هێرشیان کردە سەر ترۆتسکی خۆی ، پاش ئەمە بەماوەیەکی کەم ( ڕامون میرکادار )( جاکسۆن ) لە ( ٢٠ )ی غشت ( ١٩٤٠ ) ترۆتسکی تیرۆر کرد لەماڵەکەی خۆیدا لە مەکسیك ، لەکلتێکدا خەریك بوو تەواو دەبوو لە نوسینەوەی ژیاننامەی ستالین ....